شاندکی یەکێتیی لەگەڵ سەباحەدین بەهائەدین پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم تاوتوێکرد



شاندکی یەکێتیی بۆ سەرکایەتی قوباد تالەبانی لەگەڵ سەباحەدین بەهائەدین پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم تاوتوێکرد.

دوا ینیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە 28ـی تشرینی دووەمی 2024، سەباحەدین بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بۆئامادەبوونی شاندکی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و سەرکردایەتی یەکگرتوو، پێشوازیی کرد لە شاندکی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ سەرکایەتی قوباد تالەبانی و شاندی یاوەری.

لەکۆبوونەوەکەدا گفتوگۆیان لەبارەی پێوەندییەکانی نێوانیان و دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و ئامادەکارییەکانی قۆناغی پاش هەڵبژاردن کرا.

لە بەشکی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە قۆناغی دوای هەڵبژاردن، هەردوولا باسیان لەسەر گرنگی پێکهێنانی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای خزمەتکردنی باشتری هاوڵاتیان لە ڕێی دڵسۆزی و هەمووارکردنی یاساو ڕێنماییەکان، بە ئاو مەبەستەش جەخت لە پێویستی گرتنەبەری هەنگاوی کردەیی باشتر کرایەوە کە بژێوی هاوڵاتیان و خزمەتگوزارییان بکرێتە لەپێشینەی کارەکانی داهاتوو، ئاوڕش بگۆڕێی ئاگیاندراوەکی هاوبەشی هەردوولا.